**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٥)ی رۆژی ٢٠١٠/١١/٢٣ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٠

## یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** نابێ هیچ کەسێك گلبدرێتەوە یان بگیرێ بەپێی یاسا نەبێ و لەسەر بڕیارێك نەبێت کە لایەنێکی دادوەریی تایبەت دەری چواندبێت و، هەر کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە کە دادگایی کردنێکی دادپەروەرانە و خێرا بکرێ لە بەردەم دادگای تایبەتمەند دا.

**دووەم:** بەپێی یاسا، لە جێگا تایبەتیەکانی گیراواندا نەبێت، ناشێ کەس بگیردرێت بە مەرجێکیش چاودێری تەندروستی و کۆمەلایەتی بیگرێتەوە و بکەوێتە ژێر ڕکێفی دەسەلاتی حکومەتەوە، پێویستیشە ریز لە باوەڕی ئایینی و پرنسیپەکانی ڕەوشتی کەسی گیراو بگیرێت.

**سێیەم:** هیچ لایەنێکی غەیرە حکومی یان حکومی نا تایبەتمەند بۆی نییە شوێنی گلدانەوەی کەسەکانی هەبێ یان بەهەر بیانوویەك کەسێك گلبداتەوە.

**ماددەی دووەم:**

هەر کەسێك بەناڕەوا گلدرایەوە یان گیرا یان ماوەی گیرانەکەی لە رادەی یاسایی ڕەت بووبێ یان بە سزایەکی وا حوکم درابێ کە ئازادییەکەی لێ سەندبێتەوە لە لایەن لایەنە دادوەرییە تایبەتیەکانەوە بەبێ بەڵگەی یاسایی، لە دواییدا بڕیارێك بە ڕەت کردنەوەی سکاڵاکەی یان ئازاد کردنەکەی دەرچوو بێ و داواکارییەکەی داخرا یاخود بەبێ تاوان حوکم درا و بڕیارەکەش ڕادەی بنبڕی بەپێ یاسا جێبەجێ

کراوەکان وەرگرتبێت، ئەوا ئەو کەسە بۆی هەیە داوای قەرەبوو کردنەوەی ماددی ومەعنەوی لە بارەی ئەو زەرەروزیانەی بکات کە لە ئەنجامی گرتن وحوکمدانی لێی کەوتووە.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** لیژنەیەك لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە کە لە مادده (١٤)ی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ دا هاتووە لە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەو ئەندامیەتی دوو لە دادوەرانی بۆ هەر یەك لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە پێك دەهێنرێ بۆ تەماشاکردنی داواکاری قەرەبووکردنەوەو بڕیارەکانیشی شایانی تانوت لێدانن لەبەردەم دەستەی گشتی دادگای پێداچوونەوە (التمییز).

**دووەم:** دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە شوێنی نیشتەجێی داواکاری قەرەبووکردنەوە یان شوێنی گلدانەوە یان گرتن یان حوکمدان تایبەتمەندە بە تەماشاکردنی داواکاری قەرەبووکردنەوە.

**ماددەی چوارەم:**

داواکردنی قەرەبووکردنەوە بە پێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەبێ:

**یەکەم:** داوای قەرەبووکردنەوە پێشکەش بەو لیژنانە دەکرێت کە لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە پێك هێنراون و حکومەتیش ئاکامی قەرەبووکردنەوەکە لە ئەستۆ دەگرێت پاش ئەوەی بڕیاری لیژنەکان پلەی کۆتایی وەردەگرن.

**دووەم:** بە پێی ئەم یاسایە پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر وەرگرتنی بڕیاری ئازاد کردنی یان حوکمدان بەبێ تاوانی پلەی کۆتایی گوێ لە داواکاری قەرەبووکردنەوە ناگیرێ.

**سێیەم:** مافی قەرەبووکردنەوە لە کاتی مردنی خاوەن ماف تەنها بۆ هاوسەر و منداڵ ودایك وباوك دەگوازرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** قەرەبووکردنەوەی ئەدەبی لەسەر بنەمای ئەو ئازارو ناخۆشیانە دەخەملێرێ کە زیان پێکەوتوو تووشی هاتووە و ئەوەی کە کاری لە ناوبانگ یان پێگەی کۆمەڵایەتی یان وەزیفی کردووە.

**دووەم:** قەرەبووی ماددی لەسەر بنەمای ئەوەی لە دەستی چووەو ئەو زیانەی لە ماوەی گلدانەوە یان گرتن یان حوکمدانەکەی دەخەملێندرێ.

**سێیەم:** پێویست لەسەر ئەنجومەنی دادوەریی بڕیارەکانی حوکمدان بەبێ تاوانی (براءة) و ئازاد کردنی ئەو کەسەی بێتاوانی دەسەلمێندرێ یان ئازاد دەکرێت لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی هەرێمدا بڵاوبکاتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی لە پاڵ فرمانەکەیەوە مافی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە سەر شکایەتکار یان خەبەردەر یان شاهید کە بوونەتە هۆی گلدانەوە یان گرتنەکە یان حوکمە نایاساییەکە لە بارەی ئەو قەرەبووکردنەوەیەی کە داویەتی، ئەگەر ساغ بووەوە کە شکایەتەکە فێڵە یان خەبەردانەکە درۆیە یانە شایەدییەکە ناهەقە.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەگەر ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو زانیاریانەی لە لایەتی یان لەسەر راسپاردەی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە، یان سەرۆکی دادگای تاوانەکانی تایبەتمەند بینی هەڵەیەك لە رێکارە دادوەریەکان هەیە، یان هەڵەیەك لە دادوەریێکەوە روویداوە بووەتە هۆی گرتنی تومەتبار بەبێ هەق، یاخود حوکمدانی بەبێ بەڵگەیەکی یاسایی، دەبێ دادوەری ناوبراو بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ لێژنەی کاروباری دادوەرانی رەوانە بکات.

**ماددەی هەشتەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان بۆی هەیە، رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی نۆیەم:**

حوکمەکانی یاسای شارستانی و یاسای دادبینی شارستانی و سەلماندن بە جۆرێك جێبەجێ دەکرێن کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبن.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**

**(د. کەمال کەرکووکی)**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستیەکان

لە یەکەمین گرەنتی کە سەروەریی یاسا و پاراستنی مافی هاوولاتیان پارێزگـاری کردنـە لـە ئـازادی کەسایەتی کە لە بنچینەدا مرۆڤ بێ تاوانە تـاکو بـە دادگـایی کردنێکـی دادوەرانـە تـاوانی لەسـەر دەچەسپێ و هەموو گرەنتیەکی بۆ فەراهەم دەکرێ بۆ بەکارهێنانی مافی پارێزگاریی لە خـۆکردنی و لەبەر ئەوەی گرتن ڕێکارێك بووە لەوانەیە زەروورەت پێویستی بووە یان یاسا لە هەندێ تـاوان بـە واجـی زانیـوە. لەبـەر ئـەوەی بـەکارهێنانی ئـەم مافـە بـە دادوەریـی سـپێردراوە و لــە پێنـاوی چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی قەرەبووکردنەوەی گلـدراوان و گیراوەکـان و حوکمـدراوەکان بـەبێ بەڵگەیەکی یاسایی و بۆ لادانی هەموو زێدەڕۆییەك بۆ سـەر ئـازادی و بـەردەوام بـوونی ژیـانی بـە کەرامەت بۆ لابردنی غەدر لە زیان لێکـەوتووان و لــە پێنـاوی قەرەبووکردنـەوەی ئـەو زیانانـەی ماددی و ئەدەبی کە پێی گەیشتووە لە ئەنجامی ئەو زێدە ڕۆییە بـۆ سـەر ئازادییەکـەی، ئـەم یاسـایە دەرچوێنرا.

---

تێبینی ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن سەرۆکی هـەرێمی کوردسـتانەوە دەرچوێنرا